# خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ
# لەنێوان شوێنکەوتن و بیدعەدا

الشيخ: إبراهيم بن عبد الله المزروعي

وەرگێرانی
ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان

لە بڵاوکراوەکانی
ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان
ba8.org
walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خاتم النبيين، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله، أما بعد:

مقدمة:

خوای پەروەردگار خۆشەویستی و ڕێز و مافپێدانی پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرزکردووە لەسەر بەندەکانی، جا هاوەڵان وپیاوچاکان بەجوانی و بێ کەموکورتی هەستان بە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزە و ڕەنگدانەوەی ئەو خۆشەویستیەیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ وای لێ کردن کە هەموو شتێکی لەدڵا خۆشەویستیان بکەن بە قوربانی، هەتا دووبەرەکی و پەرتەوازەیی سەری هەڵدا لەنێو ئەم ئوممەتەدا کە بوو بەهۆی زیادەڕۆیی کردن لە پێغەمبەری خوادا ﷺ هەتا لەچوارچێوە وسنووری مرۆڤایەتی دەریان کرد و گەیاندیانە پلە وئاستی خوایەتی و لەم کارەشیاندا دەیان ویست خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوەیە گوزارشتی لێ بکەن و دەری ببڕن، بەڵام نەیاندەزانی کە خۆشویستن شتێکی تەواو دوور و جیاوازە لەو زیادەڕۆیی کردنەیان، چونکە خۆشویستنی ئەو فەرزە لەسەر تاك تاك بەڵام زیادەڕۆیی کردن تێیدا گومڕاییەکی ڕوون وئاشکرایە، نەیاندەزانی کە دیارترین نیشانەکانی خۆشەویستی بریتیە لە شوێنکەوتنی ئەو پێغەمبەرە لە کردار وگوفتاریدا.

پێشەوا ابن القیم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " لەبەر ئەوەی لاف لێدەرانی خۆشەویستی زۆربوون، داوای سەلماندنی ئەو قسەیەیان لێ کرا، جا هەموویان دواکەوتن وبەجێ مان تەنها ئەوانە مانەوە کە شوێن ئەو پێغەمبەرەﷺ کەوتن لە کردار و گوفتار وئاکاریدا "[1].

---

(١) مدارج السالكين(٣/٨).

*** سەبارەت بە هەڵبژاردن ودەستنیشان کردنی ئەم بابەتەش ئەمانەی خوارەوەیە :**

١- خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ پایەیەکی بنەڕەتیە لە پایەکانی باوەڕ، بۆیە ویستم پێگەی ئەو خۆشویستنە لە ناو بیروباوەڕدا ڕوون بکەمەوە و هەروەها حوکم و بەرهەم وهۆکارەکانی زیادبوونی ئەو خۆشەویستیەش.

٢- لەبەر ئەوەی هەندێك لە موسڵمانان خۆیان لەپشت ئەم لاف لێدانەوە دەشاردەوە وبۆیە منیش ویستم نیشانە وبەڵگەکان بخەمەڕوو بۆ سەلماندنی ئەم خۆشوستنە بۆ ئەوەی ڕاستگۆ لە درۆزن جودابێتەوە ودەرکەوێت.

٣- هەندێ لە موسڵمانان وا گومانیان بردبوو کە لەپێویستیەکانی خۆشویستن ئەوەیە کە زیادەڕۆیی تێدا بکرێت، بۆیە ویستم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە خۆشویستن شتێکی تەواو جیاوازە لە زیادەڕۆیی کردن.

٤- هەروەها لەبەر دەرکەوتنی زۆرێك لە بیدعە کە بەئاشکرا دەبینرێن لە دیندا لای زۆرێك لە موسڵمانان بەهۆی ئەو زیادەڕۆیی کردنەوە، بۆیە ویستم شوێنەوار وکاریگەریە خراپەکانی ئەو زیادەڕۆیی کردنە بخەمەڕوو.

٥- وەلەبەر هەست کردنمان بە کەموکورتی و ناتەواوی لەبارەی خۆشویستنی پێغەمبەری خواوە ﷺ ویستم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئێمە لەکوێی ئەو خۆشویستنەداین.

**ئەمانەی خوارەوەش گرنگترین سەرباسەکانی ئەم بابەتەیە :**

١- چەمکی خۆشەویستی.

٢- حوکمی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ .

٣- خۆشویستنی هاوەڵان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ .

٤- نیشانەکانی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ .

٥- بەرهەم ودەرئەنجامەکانی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ .

٦- هۆکارەکانی بەهێزکردنی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ .

٧- خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ لەنێوان شوێنکەوتن وبیدعەدا وبابەتی زیادەڕۆیی کردن تێیدا.

٨- ئێمە لەکوێی خۆشویستن وشوێنکەوتنی پێغەمبەری خواداین ﷺ .

**١- چەمکی خۆشویستن:** لەرووی زمانەوانیەوە بریتیە لە خۆشویستنی کەسێك بە پاکژی و دڵ رووکردنە لای.

خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ واتە دڵی کەسی موسڵمان رووبکاتە پێغەمبەری خوا ﷺ بەشێوەیەك کە پێشی بخات بەسەر هەموو خۆشەویستێکدا لە گیان ومندالّ و دایك وباوك وهەموو خەڵکی، جا ئەم خۆشویستنی پێغەمبەری خوایە ﷺ لە ناخ ودڵی موسڵماندا وای لێ دەکات بەهەموو شێوەیەك هەوڵی بەدی هێنان ودەستکەوتن وئەنجامدانی ئەو کارو گوفتارانە بێت کە خواو پێغەمبەرەکەی خۆشی دەوێن.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## ٢- حوکمی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ :

لەراستیدا خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ بنچینەیەکە لە بنەماکانی ئیمان و واجبێکە لە واجباتە شەرعیەکان وەکو چۆن رق بوون لە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵوەشێنەرەوەیەکە لە هەڵوەشێنەرەوەکانی بیروباوەڕ.

جا هەست کردن بەم خۆشویستنە دەگۆڕێت بەپێی بەهێزی و لاوازی باوەڕی کەسەکە، وە تەواوێتی خۆشویستن لەتەواوێتی باوەڕە و ناتەواوێتیشی لەناتەواوێتی باوەڕە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «لا يؤمن عبدٌ حتى أكونَ أحب إليه من أهله وماله والناس أجمعين»[٢]،واتە: هیچ کەس باوەڕی تەواو نییە هەتا منی خۆشتر نەوێت لە خاوخێزانی وماڵی و هەموو خەڵکی.

جا ئەم فەرموودەیە لە روونترین بەڵگەکانە لەسەر واجبێتی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ و هەروەها لەسەر ئەوەی کە باوەڕ هەرگیز تەواو و بەهێز نابێت ئیلا بەوە نەبێت.

وە لە بوخاریدا بە ژمارە (٦٦٣٢) هاتووە لە عبداللە ی کوڕی هیشامەوە رضي الله عنه کە دەڵێت: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بووین کە دەستی عومەری کوڕی خەتتابی گرتبوو، جا عومەر ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ لەهەموو شتێك لای خۆشەویستری جگە لە نەفسی خۆم نەبێت، پێغەمبەری خوایش ﷺ پێی فەرموو: «لا ، والذي نفسي بيده، حتى أكون أحب إليك من نفسك» فقال له عمر: فإنه الآن، والله لأنت أحب إليّ من نفسي، فقال النبي: «الآن يا عمر»[٣] واتە: نەخێر، سوێند بەو زاتەی کە گیانی منی بەدەستە، هەتا خۆشەویستتر نەبم لەلات لەنەفسی خۆتیش.

---

(٢) رواه مسلم عن أنس(٦٩).

(٣) فتح (١١/٥٢٣).

عومەریش وتی: وا ئێستا سوێند بەخوا تەنانەت لە نەفسی خۆمیش خۆشەویستتری لەلام، ئەویش فەرمووی: ئێستا ئەی عومەر.

جا ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە موسڵمان ناگات بە حەقیقەتی ئیمان هەتا پێغەمبەری خوای ﷺ لە گیانی خۆی خۆشتر نەوێت.

خوای گەورە فەرموویەتی: (النَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ) [الأحزاب:٦]، واتە: پەیامبەر موحەممەد ﷺ لەخودی باوەڕداران لەپێشترە ، و نزیکترە لە نەفسیان لە کاروباری ئاین و دونیاندا.

پێشەوا ابن القیم رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " ئەوەش بەوە دەبێت کە پێغەمبەری خوای ﷺ لە نەفسی خۆی خۆشتر بوێت چونکە هەرشتێك لەپێشتر بێت ئەوا بنەڕەتەکەی خۆشەویستیە و نەفسی مرۆڤیش لەهەموو شتێك بەلایەوە خۆشەویستترە، لەگەڵ ئەمەش دەبێت پێغەمبەری خوای ﷺ لەو نەفسە لەپێشتر وخۆشەویستتر بێت "[٤] جا ئەگەر خۆشەویستی ئەو لە دڵی موسڵماندا زیادی کرد ئەوا سەردەکێشێت بۆ زیادبوونی ئیمان.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁

(٤) الرسالة التبوكية صـ٢١.

## ٣- بەرهەم ودەرئەنجامی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ لەوانە:

١- هەست کردن بە شیرینی ئیمان و لەززەتی گوێڕایەڵی: لەهەردوو کتێبە صەحیحەکەی فەرموودەدا هاتووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ثلاثٌ من كنَّ فيه وجد حلاوة الإيمان، أن يكون الله ورسوله أحبُ إليه مما سواهما وأن يحب المرء لا يحبه إلا لله وأن يكره أن يعود في الكفر كما يكره أن يُقذف في النار»(٥) واتە: سێ شت هەن لەهەر کەسێکدا هەبێت ئەوا هەست بە شیرینی ئیمان دەکات: ئەوانیش بریتین لە: خواو پێغەمبەرەکەی لەهەموو شت خۆشەویستتر بێت بەلایەوە، وە کەسێکی خۆشویست ئەوا تەنها لەبەر خوا خۆشی بوێت، وە پێی ناخۆش بێت کە بگەڕێتەوە بۆ کوفر وەکو چۆن پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگرەوە.

پێشەوا نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " شیرینی ئیمان واتە لەززەت بینین لە خواپەرستی و تەحەمول کردنی ناڕەحەتی لەپێناو دیندا "

٢- هاوەڵێتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوارۆژدا: لە صەحیحی موسلمدا هاتووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رضي الله عنه کە دەڵێت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خواو ﷺ لێی پرسی: کەی قیامەت دێت؟ ئەویش فەرمووی: چیت بۆ ئامادە کردووە؟ وتی: خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی، ئەویش فەرمووی: " دە تۆ لەگەڵ ئەو کەسەدای کە خۆشت دەوێت "

ئەنەس دەڵێت: وا من خوا و پێغەمبەرەکەی و ئەبوبەکر وعومەرم خۆش دەوێت وئومێد دەکەم لەگەڵ ئەواندا بم هەرچەندە کردەوەی ئەوانم نەکردووە(٦) .

---

(٥) (خ١٦/م٤٣).

(٦) (خ٦١٦٨/م ٢٦٣٩).

پێشەوا حەسەنی بەصری رەحمەتی خوای لیٰ بێت دەڵێت: " هەرکەسێك هەرگەلێکی خۆش بووێت ئەوا شوێنیان دەکەوێت، وە تۆ هەرگیز ناگەیت بەکاروانی چاکەکاراندا هەتا رێگە ورێچکەی ئەوان نەگریتە بەر وشوێنیان نەکەویت هەرچەندە کەمتەرخەمیش بیت لە کاروکردەوەدا، چونکە گرنگ ئەوەیە بەردەوامیت هەبێت لەسەر ئەو رێگەیە "[٧].

(٧) استنشاق نسيم الأُنس لابن رجب ص٨٧.

## ٤- هۆکارەکانی زیادبوونی خۆشویستنی پێغەمبەری خوای ﷺ .

١- ناسین و زانینی تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ و سیفاتەکانی، لەوانە:

أ- خوای گەورە خۆشی دەوێت وەهەڵی بژاردووە لەنێو دروستکراوەکانیدا، جا خۆشویستنی ئەوەی کە خوا خۆشی دەوێت لە پێویستیەکانی خۆشویستنێتی.

ب- تەواویێتی بەزەیی و بەرەحمێتی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئوممەتەکەی وسووربوونی بۆ نیشاندانی ڕێگەی ڕاست پێیان وهیدایەت دانیان ورزگارکردنیان لە ناڕەحەتی و ئاگر، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ ﴾ [التوبة:١٢٨]واتە: بێگومان ـ ئەی باوەڕداران ـ ئێوە هەر لە گەڵەکەی خۆتان پەیامبەرێکتان بۆ هاتووە ، و زۆر قورس و ئەستەمە لەسەری ئەوەی توشتان دەبێت لە خراپە و ناخۆشی ، سورە لەسەر باوەڕهێنان و چاکسازی بار و حاڵتان ، و بەرامبەر بە باوەڕداران زۆر بەڕەحم و بەزییە .

لە عبداللە ی کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە باسی پێغەمبەر عیسا دەکات ﴿ إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴾ [المائدة:١١٨] فرفع يديه وقال: «اللهم أمتي أمتي» وبكى، فقال الله عز وجل: (يا جبريل اذهب إلى محمد فقل: إنا سنرضيك في أمتك ولا نسوؤك)[٨]. وبوّب عليه النووي رحمه الله بقوله (باب دعاء النبي لأمته وبكائه شفقةً عليهم).

واتە: سا خوایا ئەگەر تۆ سزایان بدەیت ئەوا ئەوان تەنها بەندەی تۆن ـ وە هەرخۆت شارەزای بە هەموو بار و حاڵێکیان ـ ، هەرچیان لێبکەیت ئەوە بەدادگەری خۆتە ، وە ئەگەر لەوانەشیان کە

(٨) مسلم (١/١٩١).

هۆکای لێخۆشبوونیان پێشخستووە خۆش بێت ئەوا بەڕەحمی خۆتە ، چونکە بەڕاستی تۆ بەتوانا وبەهێزێکی کە هیچ کەسێك توانای سەرکەوتنی بەسەرتدا نیە ، و کاردروست ودانای لە بەڕێوەبردن وفەرمانەکانتدا . ئەم ئایەتەش ستایشی خوای بەرز وبڵند وپایەبەرزی تێدایە لە حیکمەت و دادوەری و تەواوێتی زانینی.

پێغەمبەری خوا ﷺ هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو فەرمووی: " خوایە ئوممەتەکەم ئوممەتەکەم " وە دەستی کرد بە گریان، خوای گەورەش فەرمویی: ئەی جبریل برۆ بۆ لای موحەممەد و پێی بڵێ: بەدڵنیاییەوە رازیت دەکەیت سەبارەت بە ئوممەتەکەت و پەشیمانت ناکەینەوە.

ج- لە سیفاتەکانی: زۆر دڵسۆزبووە لە ئامۆژگاری کردنی ئوممەتەکەی و سووربووە لەسەر پیشاندانی رێگەی راست و هیدایەت دانیان وچاك بووە بۆیان و هەموو خێرێکی پیشانی ئوممەتەکەی داوە و ئاگاداریانی کردۆتەوە لەهەموو خراپە وناخۆشی و سەرشۆڕیەك کە تووشیان بێت لە دونیا ودوارۆژدا.

٢- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی زیادبوونی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ زانینی ژیاننامە و کاروکردار و رەوشت و هەڵسوکەوت و شێواز و تایبەتمەندی کەسێتی و کەسایەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ ئەوەش بە خوێندنەوەی کتێبی ژیاننامە و ئامادەبوون لە کۆڕی زانایان و شارەزایانی ئەو بوارە.

٣- راوەستان و خۆسەرقاڵ کردن بە رێنمایی و ئامۆژگاری وسوننەتەکانیەوە بە کردارو گوفتار وبانگەوازبۆکردنی: جا ئەگەر موسڵمان پێغەمبەرەکەی خستە پێش خۆیەوە وکردی بە پێشەنگ وپێشەوای خۆی لەهەموو کاروبارێکیدا وپێوەی پەیوەست بوو ئەوا بەدڵنیاییەوە خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ لەناخ وهەستیدا زیاد دەکات.

٤- یەکێکی تر لە هەرە گرنگترین هۆکارەکان بریتیە لە زۆر صەلاۆات دان لەسەری وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٥٦﴾) [الأحزاب:٥٦]،

واتە: دەسا ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان بە خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ﷺ هێناوە و باوەڕتان پێیان هەیە ، زۆر صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم – بدەن و سەلامی لێ بکەن .

وە صەلاۆات دانیش لەسەر وتەی پەسەندی زانایان ئەوەیە کە واجبە لەو کاتەی کە ناوی دەهێنرێت.

٥- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی زیادکردنی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ بریتیە لە فێربوونی زانستی شەرعی و خۆتێگەیاندن لە دینی خوا ئەوەش بە خوێندنی قورئان وفەرموودە و زانستەکانیان وهەموو ئەوا زانستانەشی کە خزمەتی ئەوانە دەکات.

❁❁❁❁❁

## ٥- دیاردە و نیشانەکانی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ .

١- جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکانی: کە ئەمە بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستێتی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ و بۆ ئەوەی لەو بانگەشەیەدا درۆ نەکەین.

قازی عیاز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " کەسی ڕاستگۆ لە خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەیە کە نیشانەکانی لەسەر دەرکەون کە یەکەمیان بریتیە لە شوێنکەوتنی وچاولێکەری و بەجێهێنانی سوننەتەکانی بەکردار وگوفتار وخۆرازاندنەوە بە ئاداب ورەوشتەکانی لەکاتی ناخۆشی وخۆشیدا "[(٩)] جا ئێمە لە کوێی ئەم کارەداین و لەو پێوەرە دەردەچین کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ما نهيتكم عنه فاجتنبوه وما أمرتكم به فأتوا منه ما استطعتم»[(١٠)]. واتە: ئەوەی نەهیم لێتان کردووە لێی دووربکەونەوە وئەوەش فەرمانم پێتان کردووە بەگوێرەی توانا جێ بەجێی بکەن.

٢- شوێنکەوتنی سوننەتەکانی وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ [الأحزاب:٢١]. واتە: نمونەی جوانتان بۆ هەیە ـ ئەی باوەڕداران ـ لە گوفتار و کردار و هەڵسوکەوتی پەیامبەر ﷺ کە چاولێبکەن ، دەسا دەستبگرن بە سوننەتەکەیەوە.

٣- گەڕانەوە بۆ لای شەریعەتەکەی وحوکم پێکردنی لەکاتی بوونی کێشە وگرفت وهەموو کاروبارێکی ژیاندا: خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ﴾ [النساء:٦٥] واتە: خوای بەرز و بڵند و پایەبەرز سوێند بە زاتی موبارەك و پیرۆزی خۆی دەخوات کەوا بێگومان ئەوانە لە دڵەوە بەڕاستی باوەڕیان نەهێناوە تاکو تۆ نەکەنە دادوەر لەو دووبەرەکی و

(٩) الشفا (٢/٥٧١).

(١٠) متفق عليه، فتح (١٣/٢١٩) م (١٣٣٧).

ناکۆکیەی کە کەوتۆتە نێوانیانەوە لەکاتی ژیانتدا ، و لەپاش مردنیشت بەگەڕانەوە بۆلای سوننەتەکەت.

٤- تامەزرۆی فێربوونی شەریعەتەکەی بەهەوڵدان بۆ فێربوونی زانستی شەرعی بەسوود لە قورئان وسوننەت.

٥- خۆشویستنی ئەو کەسەی کە خۆشی دەوێن ودوژمنایەتی ئەوەشی کە رقی لێی بووە، بەتایبەت خۆشویستنی خزمانی وخێزانەکانی و هاوەڵانی.

٦- سەرخستنی سوننەتەکەی و بەرگری کردن لە شەریعەتەکەی:

پێشەوا قازی عیاز رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " لە خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە کە سوننەتەکەی سەربخەیت وبەرگری بکەیت لە شەریعەتەکەی "[11].

٧- صەڵاوات دان لەسەری لەکاتی ناوهێنانیدا.

٨- بەگەورە راگرتنی وڕێزلێگرتنی: جا بنچینەی ڕێزلێگرتنی بریتیە لە بەراست زانینی و گوێڕایەڵی کردنی، وئەوەی لەمەدا کەموکورتی هەبێت ئەوا بەگەورە رای نەگرتووە و کەموکورتیش لە دوو لاوە دێت یەکەمیان نەدانی مافی تەواوەتی بەخۆی وەکو تانەلێدان لە راستگۆیەتی و ڕێزلێنەگرتنی وبەجێ نەهێنانی سوننەتەکانی وصەڵاوات نەدان لەسەری وبەسووک سەیرکردنی رێنماییەکانی و لاکەی تریش بریتیە لە زیادەڕۆیی کردن تێیدا و بەرزکردنەوەی بۆ سەرووی پێگە وپایەی خۆی وەکو ئەوەی باوەڕ وابێت کە غەیب دەزانێت بەرەهایی و بوونی ئەو پێش هەموو ئەم گەردوونەیە ولەنوری ئەوەوە هەموو ئەو گەردوونە دروست بووە وهاوشێوەی ئەم جۆرە بیروباوەڕە باتڵ وناڕەوایانە کە نەلە قورئان و نەلەسوننەتدا نەهاتووە.

---

(١١) شرح النووي لمسلم (٢/١٦).

٩- یەکێکی تر لە نیشانەکان بریتیە لە ئامۆژگاری کردن بۆی وەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە:

«الدين النصيحة، قلنا لمن يا رسول الله؟ قال: لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم»[١٢].

پێشەوا نەوەوی رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بەوە دەبێت کە پەیامەکەی بەڕاست زانرێت و باوەڕت هەبێت بە هەموو ئەو دینەی کە هێناویەتی و گوێرایەڵی بکرێت و دووربکەویتەوە لەنەهی لێکراوەکانی وسەری بخەیت و دژایەتی ئەوەش بکەیت کە دوژمنایەتی دەکات ودۆستایەتی ئەوەش بکەیت کە دۆستایەتی دەکات و رێچکە وریبازەکەی زیندووبکەیتەوە وبانگەوازی بۆ بکەیت ودینەکەی بڵاوبکەیتەوە و خزمان وئال وبەیتی وهاوەڵانیت خۆش بوویت "[١٣].

١٠- یەکێکی تر لە نیشانەکان بریتیە لە زۆریادکردنی و حەز کردن وئاواتەخوازی بینینی : لە صەحیحی موسلیمدا بەژمارە (٢١٧٨) لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:«مِن أشدّ أمتي لي حباً ناسٌ يكونون بعدي يَودُّ أحدهم لو رآني بأهله وماله» واتە: کەسێك کە زۆرترین حەز بەبینینی من دەکات لە ئوممەتەکەمدا لەدوای خۆم یەکێکە کە ئاواتەخوازە هەموو ماڵ و منداڵی فیدا بێت بەس من ببینێت.

❖❖❖❖❖

---

(١٢) متفق عليه

(١٣) شرح صحيح مسلم (١/٣٨).

## ٦-خۆشویستنی هاوەڵان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ .

پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالیب رضي الله عنه بەم شێوەیە گوزارشتی لێ دەکات کاتێك پرسیاری لێ دەکرێت: ئێوە خۆشەویستیتان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن بووە؟ ئەویش دەڵێت: " سوێند بە خوا ئەو لەلامان خۆشەویستتر بوو لە خودی خۆمان و ماڵ ومنداڵمان و باوك ودایكمان و تەنانەت لە ئاوی سارد لەكاتی تینوێتیدا ".

١- ئەبوبەكری صدیق رضي الله عنه : لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە عائیشەوە رضي الله عنها دەڵێت: " جارێكیان لە كاتی نیوەڕۆدا لە ماڵی ئەبوبەكر دانیشتبووین، كەسێك بە ئەبوبەكری ووت: ئەوە پێغەمبەری خوایە ﷺ لەم كاتەدا هاتووە بۆ لای ئێوە لەكاتێكدا سروشتی وانەبووە لەم كاتانەدا بێت، ئەبوبەكریش ووتی: دایك وباوكم بەقوربانی بێت، سوێند بێ بەخوا لەبەر شتێك نەبێت لەم كاتەدا دەرناچێت، عائیشە دەڵێت: ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ هات و ئیزنی خواست و ئیزن درا وهاتە ژوورەوە و بە ئەبوبەكری فەرموو: هەركەسێك لاتە با بڕوات، ئەبوبەكریش وتی: ئەوە خێزانتە باوكم بەقوربانت بێت ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش فەرمووی: من ئیزنی دەرچوون و كۆچ كردنم پێ دراوە، ئەبوبەكریش ووتی: كەواتە دەتەوێ من هاوەڵێتیت بكەم باوكم بە قوربانت بێت؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ " [١٤]،

پێشەوا ابن حجر رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " ابن اسحاق ئەمەشی بۆ زیادكردووە: عائیشە دەڵێت: بینیم ئەبوبەكر دەستی كرد بە گریان و پێشتر وام نەزانیبوو كە كەس هەبێت لەخۆشیدا بگریت "

(١٤) خ (٣٩٠٥) فتح (٢٣١/٧).

لەبوخاریدا لە ئەبی سەعیدەوە ﷺ هاتووە کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ وتاری بۆ خەڵکی دەدا وفەرمووی: «إن الله خيَّر عبداً بين الدنيا وبين ما عنده فاختار ذلك العبد ما عند الله» قال: فبكى أبو بكر فعجبنا لبكائه، فكان رسول الله هو المُخير وكان أبو بكر أعلمنا)[١٥]، وفي روايةٍ عن معاوية (فلم يلقنها إلا أبو بكر فبكى وقال: نفديك بآبائنا وأمهاتنا)[١٦]. واتە: لەڕاستیدا خوای گەورە بەندەیەك لە بەندەكانی سەرپشك كردووە لەوەی لە دونیادا بمێنێتەوە یاخود لای خوا هەڵبژێرێت، ئەبوبەكر دەستی بەگریان كرد وئێمەش سەیرمان هات بە گریانەكەی، ئەنجا زانیمان كە ئەوە بەندەیە خودی پێغەمبەرە كە سەرپشك كراوە و ئەبوبەكر شارەزاترینمان بوو.

وە كاتێك وەفاتی ئەبوبەكر ﷺ نزیك بوویەوە: ووتی: ئەمڕۆ چ ڕۆژێكە؟ وتیان: ڕۆژی دووشەممەیە، وتی: ئەگەر ئەم شەو مردم مەمهێڵنەوە بۆ بەیانی چونكە خۆشەویسترین ڕۆژ وشەو بەلامەوە نزیكترینیانە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ[١٧].

٢- سەبارەت بە پێشەوا عومەریش ﷺ ئەوا بوخاری چیرۆكی ئیزن خواستنەكەی لە عائیشە گێڕاوەتەوە كە ئیزنی لێ خواستووە لەگەڵ پێغەمبەری خوا و ئەبوبەكردا بنێژرێت لە ژوورەكەی ئەودا وئەویش وتی: من ئەوەم بۆ خۆم دانابوو بەڵام وا تۆم پێش خست بەسەر خۆمدا، ئیتر عومەر زۆر بەوە دڵخۆش بوو وتی: سوپاس بۆ خوا هیچ شتێك لەوە بەلامەوە گرنگتر نەبوو، جا بۆیە ئەگەر مردم هەڵمبگرن و بمبەن وبڵێن: وا عومەر داوای ئیزن دەكات، جا ئەگەر ئیزنی دا ئەوا بمبەنە ژوورەوە وئەگەریش ڕێگەی نەدا ئەوا بمگەڕێننەوە بۆ گۆڕستانی موسڵمانان.[١٨].

---

(١٥) خ (٣٦٥٤) فتح (١٢/٧)

(١٦) المجمع (٤٢/٩) وإسناده حسن

(١٧) رواه أحمد عن عائشة وصححه أحمد شاكر، المسند (١٧٣/١)

(١٨) خ (٣٧٠٠) فتح (٦٠/٧)

٣- ئەنصاریەکان خۆشحاڵ بوون بە هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مەدینە لە کاتی کۆچدا: لە صەحیحدا هاتووە لە عروەی کوڕی زوبێرەوە رضي الله عنه دەڵێت: موسڵمان کە بیستیان پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککەوە دەردەچێت بەرەو مەدینە هەموو ڕۆژێك بەیانیان دەرۆیشتن وتەماشای ڕێگەکەیان دەکرد وچاوەڕێیان دەکرد هەتا گەرما دەیناردنەوە[١٩].

لە موسنەدی ئەحمەددا هاتووە کە ئەوانە نزیکەی پێنج سەد ئەنصار دەبوون[٢٠].

وە ئەنەس رضي الله عنه دەڵێت: هیچ ڕۆژێکم نەبینیبو پرشنگدارتر و خۆشتر لەو ڕۆژەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ وئەبوبەرکر هاتنە ناو مەدینەوە[٢١]

وە بەرائی کوڕی عازب رضي الله عنه دەڵێت: نەمبینیبو خەڵکی مەدینە بەهیچ شتێك خۆشحاڵ بن ئەوەندەی خۆشحاڵ بون بەهاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ [٢٢].

٤- لە صەحیحی سونەنی نەسائیدا هاتووە بە ژمارە (٢٩٥١) دوازدە لە هاوەڵان خۆیان فیداکرد بۆ پاراستنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە غەزای ئوحوددا و یازدەیان مردن و تەنها تەڵحەی کوڕی عبیداللە رضي الله عنه مایەوە، ئەویش پەنجەکانی قرتێنرا وپاشان خوای گەورە بێباوەڕانی دوورخستەوە.

---

(١٩) البخاري (٣٩٠٦)

(٢٠) الفتح الرباني (٢٠/٢٩٢)

(٢١) أحمد الفتح (٢٠/٢٩٠)

(٢٢) البخاري (٣٩٢٥)

له قەیسەوه رضي الله عنه دەڵێت: دەستی تەڵحەم بینی شەل بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێ پاراست له رۆژی غەزای ئوحوددا [٢٣]، وە ئەبوبەکر هەرکات باسی جەنگی ئوحود بکرایه دەستی دەکرد بە گریان و دەیووت: ئەوە هەمووی رۆژی تەڵحە بوو [٢٤].

له صەحیحەیندا هاتووە لە ئەنەسەوە رضي الله عنه کەباسی رۆژی ئوحود دەکات: پێغەمبەری خوا ﷺ لە شوێنێکی بەرزەوە چاودێری سەربازەکانی دەکرد وئەبو تەڵحە ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دایك وباوکم بە قوربانت بێت لەو شوێنە بەرزە مەوەستە نەوەك تیری دوژمنت بەربکەوێت گەردنم لە پێش گەردنت بێت.

٥- عەمری کوڕی عاص رضي الله عنه دەڵێت: هیچ کەس لە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشەویستتر و بەڕێزتر نەبوو لەپێش چاومدا و نەمدەتوانی پڕ بەهەردوو چاوم تەماشای بکەم لەبەر هەیبەت وڕێز وشکۆی، و ئەگەر پرسیارم لێ بکرێت لەبارەیەوە ناتوانم قسەبکەم چونکە هەردوو چاوم پڕ نەبوو لە بینینی .

٦- پێشەوا موسلیم لە رەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلەمیەوە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺدا شەو خەوتم و ئاوی دەستنوێژ وپێویستیم بۆ برد و پێی فەرمووم: داوا بکە، دەڵێ: منیش ووتم: داوا دەکەم لە بەهەشتدا لەگەڵتدا بم، فەرمووی: جگە لەوە نابێ؟ منیش وتم: هەر ئەوە، فەرمووی: خۆت ڕا بێنە بە زۆر نوێژ کردن [٢٥].

٧- عائیشە رضي الله عنها دەڵێت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەڕاستی تۆ لەخۆم و منداڵم خۆشەویستتری لەلام وە کاتێك لەماڵەوەم بیرت دەکەم و خۆم ڕاناگرم هەتا نەیەم بتبینم، بەڵام کە بیر لە مردنی خۆم و تۆ دەکەمەوە دەزانم کە تۆ لە

(٢٣) البخاري (٤٠٦٣)

(٢٤) فتح الباري (٧/٨٢)

(٢٥) مسلم (٤٨٩)

بەهەشتدا پلەت بەرزدەکرێتەوە لەگەڵ پێغەمبەراندا و منیش ئەگەر رۆیشتمە بەهەشتەوە دەترسم ئیتر نەتبینم، پێغەمبەری خوا ﷺ وەڵامی نەدایەوە هەتا جبریل ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾﴾ [النساء:٦٩])[٢٦]. واتە : وە هەر کەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا بکات– صلى الله عليه وسلم – ئەوە لە بەهەشتدا لەگەڵ ئەو کەسانەیە کە خوای گەورە نیعمەتی خۆی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان کە ئەمانەیش باشترین ڕەفیق و هاوەڵن کە مرۆڤ هاوڕێیەتی و هاوەڵێتیان بکات..

❁ ❁ ❁ ❁ ❁

(٢٦) رواه الطبراني وأبو نعيم. مجمع الزوائد (٧/٧).

## ٧- خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ له نێوان شوێنکەوتن و بیدعەدا :

پێشتر ئەوەمان زانی که لەگرنگترین نیشانەکانی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ بریتیه له شوێنکەوتنی له فەرمانەکانی و نەهیەکانی، و هاوکات له گرنگترین هەڵوەشێنەرەوەکانی خۆشەویستیش بریتیه له بیدعەکردن تێیدا، جا کەواته با بزانین جیاوازی چییه لەنێوان شوێنکەوتن و بیدعەدا؟

### ١- چەمکی (الاتباع) شوێنکەوتن:

شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بریتیه له: چاولێکەری کردنی له کرداری وگوفتاریدا بەوشێوەیەی که لەشەرعەکەیدا هێناویەتی.

وه خوای پەروەردگار واجبی کردووه لەسەر بەندەکانی که شوێنی پێغەمبەرەکەی بکەون به جێ بەجێ کردنی فەرمان پێکراوەکانی و دوورکەوتنەوه له نەهیەکانیشی، وەکو دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ) [الأنفال:٢٠]، واته: ئەی ئەوانەی که باوەڕتان به خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی هێناوه و بەڕاستان داناوون ، گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی بن لەوەی که فەرمانیان پێکردوون و لەوەش که یاساغیان لێکردوون ، وه نەکەن وازبێنن له گوێڕایەڵی کردنی خوای پەروەردگار و گوێڕایەڵی پەیامبەرەکەی ، لەکاتێکدا که گوێبیستی بەڵگه ونیشانەکانی قورئان دەبن که بەسەرتاندا ئەخوێنرێنەوه .

له ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا) [الحشر:٧]، واته: هەرچیەك پەیامبەری خوا پێی دان له سەروەت و ماڵ ، یان شەرعێکی بۆ کردن ، ئەوا وەریگرن . وه له هەرچیەکیش یاساغی لێکردن له بردنی ، یان له ئەنجامدانی ئەوا وازی لێبهێنن.

جا لەمیانەی ئەو ئایەتانەوە روون دەبێتەوە کە شوێنکەوتنی پێغەمبەر فەرز و واجبە لەسەر تاك تاکی ئوممەت هەمووی.

وە هەروەها شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ خۆی لەخۆیدا بریتیشە لە خۆشویستنی ئەو.

## ٢- چەمکی (الابتداع) بیدعە داهێنان:

بیدعە لەبابەتی خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ بریتیە لە زیادەڕۆیی کردن ولەسنوور دەرچوون لەو بابەتەدا، جا دەبێت بزانین زیادەڕۆیی چییە بەنمونەوە؟

جۆرەکانی کامانەن؟

وە کاریگەری وشوێنەواری زیادەڕۆیی کردن چییە لەسەر بیروباوەڕ وکردەوە؟

وە حوکمی زیادەڕۆیی چییە لە خۆشویستنی پێغەمبەردا ﷺ؟

وە شوێنەواری بیدعەکردن چییە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر موسڵمانان؟

**زیادەڕۆیی:** لە زماندا واتە بەزاندنی ئەو سنوورەی کە بۆ شتێك دانراوە، وە لەشەرعیشدا واتە بەزاندنی سنووری شەریعەت لەرووی کردار و بیروباوەڕەوە.

وە دینی ئیسلام زیادەڕۆیی کردنی حەرام کردووە ونەهی لێ کردووە: وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ﴾ ئەی پەیامبەری خوا ﷺ بە گاورو جولەکەکان بڵێ : سنووری هەق وڕاستی مەبەزێنن لە دینەکەتاندا. [النساء: ١٧١ والمادة:٧٧]،

پێشەوا قورتوبی رەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەڵێت: نەهی کردووە لە زێدەڕۆیی، وە زێدەڕۆیی بریتیە لە سنوور بەزاندن،وە مەبەستیش لەوەدا وەکو زانایانی تەفسیر

باسیان کردووە زێدەڕۆیی جولەکەیە لە عیسادا هەتا مەریەمیان تۆمەتبار کرد، وە زێدەڕۆیی گاورەکانیشە لە عیسادا هەتا کردیان بە خوا [٢٧]

وە لە ابن عباسەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەرەبەیانی ڕۆژی عەقەبە کەلەسەر وشترەکەی بوو پێی ووتم: وردە بەردم پێ بدە، منیش حەوت بەردم پێی دا وئەویش خستیە ناو لەپی دەستیەوەو ودەیفەرموو: بەئەندازەی ئەم بەردانە شەیتان ڕەجم بکەن، پاشن فەرمووی: «يا أيها الناس إياكم والغلو في الدين فإنه أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين» [٢٨] واتە: ئەی خەڵکینە نەکەن زێدەڕۆیی بکەن لە دیندا، چونکە ئەو شتەی کە ئوممەتانی پێش ئێوەی لەناودا زێدەڕۆیی بوو لەدیندا.

پێشەوا ابن تيميه ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: ئەو بڕگەیەی کە فەرمووی: " إياكم والغلو في الدين " گشتیە و هەموو جۆرە زێدەڕۆیی کردنێك دەگرێتەوە لەبابەتی بیروباوەڕ و کردەوەدا[٢٩].

وە لەشەرعدا چەند وشەیەکی تریش هاتوو کە ماناکەیان نزیکن لە مانای زێدەڕۆیی کردنەوە وەکو (التشدد والتشديد والتعمق والتنطع والتكلف) و هەموویان هاو واتای (الغلو)ن واتە زێدەڕۆیی و سنوور بەزاندن بە زیادکردن لەئەندازەی ئەو شتەی کە مەشروعە، بۆ نمونە ڕێزگرتنی پێغەمبەر ﷺ مەشروعە هەتا ئەو سنوورەی کە مرۆڤە، جا ئەگەر سنووری مرۆڤایەتیمان تێپەڕاند تێیدا لە گەورەکردن و بەرزکردنەوەی ئەوا دەبێتە زێدەڕۆیی و حەرام دەبێت.

(٢٧) الجامع (٦/٢١).

(٢٨) حم. ن. جه. صحيح سنن ابن ماجه (٢٤٣٧)

(٢٩) الاقتضاء (١/٢٨٩)

## زێدەڕۆیی جاری وا هەیە لە بیروباوەڕدایە وجاری واش هەیە لە کردەوەدایە :

أ- **زێدەڕۆیی لە بیروباوەڕدا**: واتە سنوربەزاندن لە چوارچێوەی بیروباوەڕی صەحیح بۆ لادان و خواروخێچ بوون، وئەمەش بەڕوونی دەبینین لە بۆچوونی (کەلامیەکان)دا کەلە ئەهلی سوننە و جەماعە دەرچوون، وە هەروەها سەبارەت بە سیفاتی خوای گەورەش گروپی (النُفاة والمؤولة) دەبینین کە زێدەڕۆییان کرد لە پاك وبێگەرد دانانی خوای پەروەردگاردا هەتا سیفاتی کەمالیان لەخوادا پەك خست و بەنەبوو وەسفیان کرد.

هەروەها لە زێدەڕۆیی لە بیروباوەڕدا گاورەکان زێدەڕۆییان کرد لە عیسادا و زێدەڕۆیی هەندێ لە صۆفیەکان لە پێغەمبەری خوادا ﷺ و هەتا لافی ئەوەیان لێ دا کە پێغەمبەر لە نور دروست کراوە و ڕۆڵی هەیە لە گەردووندا، وە زێدەڕۆییان لە هەندێ لە شێخەکانی خۆیان وپیاوچاکان بەوەی بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە ئەوان مەعصوم و بێ گوناهن وهەرگیز تاوان ناکەن وهاواریان پێ دەکەن وداوای فریاکەوتنیان لێ دەکەن، وە زێدەڕۆیی شیعە لە پێشەوا عەلیدا رضي الله عنه بەشێوەیەك کە کۆمەڵێکیان دەڵێن خوایە و کۆمەڵێ تریشیان دەڵێن مەعصومە و.....

ب- **زێدەڕۆیی کردن لە کاروکردەوەدا**: ئەمەش مەبەست لێی ئەو زێدەڕۆیی کردنەیە کەلە چوارچێوەی پێنج حوکمە شەرعیەکەدا ڕوودەدات، جا هەرکەس سوننەت لە پلەی واجبدا سەیربکات ئەوا سنووری بەزاندووە، وە مەکروە لەپلەی حەرامدا دابنێت یان حەڵاڵ بە مەکروە یان حەرام دابنێت بەهەمان شێوە تووشی زێدەڕۆیی بووە، یاخود هەرکەس شەونوێژ لەسەر خۆی واجب بکات یان هاوسەرگیری لەسەر خۆی حەرام بکات یان خۆشخۆری لەسەر خۆی قەدەغە بکات ئەوا

زێدەڕۆیی کردووە، وە هەرکەسیش لەدەستنوێژدا سێ جار زیاتر ئەندامەکان بشۆرێت ئەوا زێدەڕۆیی کردووە.... [٣٠]

## هۆکارەکانی زێدەڕۆیی بریتین لە:

١- نەزانینی سنورە شەرعیەکان و شارەزانەبوون لە دین بەوشێوەیەی کە دەبێت بەندە لەسنوریدا بوەستێت و نەیبەزێنێت، وە جوان تێنەگەیشتن کالّفامی لە مەبەستەکانی شەریعەت لە ئاسانکاری و نەبوونی بارقورسی وناڕەحەتی لەسەر خەڵك.

٢- شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو عەقڵ کردن بە دادوەر هەروەکو لەنێو گروپ و دەستەکانی هەردوو کۆمەڵی (المتكلمين والصوفية) ڕوویدا.

٣- پشت بەستن و جەخت کردن لەسەر ئەو فەرموودە خەیاڵاوی و هەڵبەستراوانەی کە زندیقەکان و نەفامەکانی گرویە گومڕاکان دانایان ناوە.

## نمونەی زێدەڕۆیی کردن لە بیروباوەڕدا:

١- زێدەڕۆیی کردن لە پێغەمبەراندا لای جولەکە و گاوران: چونکە ئەوان پێغەمبەرانیان لەپلەی خۆیان بەرزتر کردەوە و بە خوایەتی وەصفیان کردن، یان دەیان ووت ئەم پێغەمبەرە کوڕی خوایە، جا خوای گەورە نەهی لێ کردن بۆ ئەم کارەیان، و بۆ ئێمەی موسڵمانیش ئاگادار کردنەوە و بێداری تێدایە لەوەی ڕێچکەی ئەوان بگرینەبەر، بەهەمان شێوە پێغەمبەری خوایش ﷺ نەهی لێ کردووە لەوەی زیاد لەسنوری خۆی وەصف وسەنای بکەن و فەرمووی: «لا تُطروني كما أطرت النصارى عيسى ابن مريم، فإنما أنا عبده فقولوا عبد الله ورسوله» [٣١] لەپلەی خۆم زیاتر بەرزم مەکەنەوە

---

(٣٠) أنظر إلى كلام ابن تيمية في الاقتضاء (٢٨٣/١) وكذلك ابن القيم في مدارج السالكين (٤٩٦/٢)

(٣١) البخاري (٢٠٤/٤).

وسنووری تێدا مەبەزێنن وەکو چۆن گاورەکان کردیان سەبارەت بە عیسای کوڕی مەریەم، چونکە لەڕاستیدا من بەندەی خوام بۆیە بڵێن بەندە و پێغەمبەری خوا.

کەچی چەندین تاقم ودەستە لەنێو ئەم ئوممەتەدا تووشی زێدەڕۆیی بوون ولایاندا.

٢- زێدەڕۆیی لەم ئوممەتەدا: لەنێو ئەم ئوممەتەدا کەس وخەڵکانی وا هەن کە زێدەڕۆییان کردووە لە پێشەوا عەلی و نەوەکانیدا و دەڵێن ئەوان مەعصومن، بەڵکو هی وایان هەیە دەڵێت بەڵکو ئەو خوایە.

وە هەروەها لەنێو ئەم ئوممەتەدا کەسانێك هەن کە زێدەڕۆیی دەکەن لە پێغەمبەر و پیاوچاکاندا لە دوای خۆی و دەڵێن محمد لە نور دروست کراوە پێش هەموو ئەم گەردوونە بەڵکو ئەم گەردوونە لەبەر ئەو دروست کراوە و تەنانەت ئەو غەیب دەزانێت بە ڕەهایی.....

### لە کاریگەری وشوێنەوارە خراپەکانی زێدەڕۆیی کردن وەکو:

#### أ- لە بیروباوەڕدا:

١- زێدەڕۆیی کردن سەردەکێشێت بۆ شیرك و باوەڕبەوەی کە محمد ﷺ هاوەڵ و هاوتایە لەگەڵ خوادا لە دروستکردن وبەڕێوەبردن وخوایەتیدا ولابردنی ناخۆشی وناڕەحەتی وبەدەستهێنانی خۆشی وسوود وقازانج وجگە لەوانەش، وەکو البوصیری دەڵێت:

یا أكرم الخلق ما لي من ألوذ به *** سواك عند حدوث الحادث العممِ

فــإن من جُودك الدنيا وضرتها *** ومن علومك علمَ اللوحِ والقلـم

٢- بەهەمان شێوە زیدەڕۆیی کردن وای لە خەڵکانێك کردووە باوەڕیان وابێت کە محمد لەهەموو سەردەمەکانی پێشویشدا هەر پێغەمبەر بووە و ئەو یەکەم شتێك بووە کە خوای گەورە دروستی کردووە ولە ئەوەوە هەموو شتێك دروست کراوە و پێش جبريل قورئانی خوێندۆتەوە وئەو زیندووە

دەبینرێت (نەك لەخەودا) کەلەراستیدا ئەمانە و هاوشێوەکانیان دژ و پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەن و لەگەڵ دەقە شەرعیەکاندا یەك ناگرنەوە.

٣- تێکدانی چەمکی خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ هەتا کار گەیشتۆتە رادەیەك کە خۆشویستی ئەو لای هەندێ لە صۆفیەکان واتە پەرستنی پێغەمبەر وداوا لێکردنی و صەلاواتی بیدعی دروستکراو وهۆنینەوەی چەندین شیعر وهۆنراوەی ناشەرعی وەکو هانا بۆ بردنی.

**ئەمانەی خوارەوەش چەند کاریگەری وشوێنەوارێکی خراپن سەبارەت بە زێدەرۆیی کردن لە پێغەمبەری خوادا:**

### ب- لە عیبادەتە شەرعیەکاندا:

زێدەرۆیی سەردەکێشێت بۆ لادان لە عیبادات لەو سنورە شەرعیەی بۆی دانراوە و داهێنانی چەندین جۆری عیبادەت کە خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووە.

### * حوکمی زێدەرۆیی کردن لە پێغەمبەری خوادا ﷺ چییە؟

خوای پەروەردگار نەهی لە زێدەرۆیی کردووە بەهەموو جۆرەکانیەوە، وە پێغەمبەریش ﷺ نەهی ئوممەتەکەی کردووە لەوەی زێدەرۆیی بکرێت لە وەصف و ستایشیدا وەکو چۆن گاور و جولەکەکان دەربارەی عیسای کوڕی مەریەم کردیان.

لای ئەبی داود هاتووە لە عبداللە ی کوڕی شخیرەوە رضي الله عنه دەڵێت: لەگەڵ وەفدی بەنی عامردا چووین بۆ لای پێغەمبەری خوا و وتمان: تۆ گەورەی ئێمەی، ئەویش فەرمووی: گەورە خوای پەروەرگارە، ئێمەش وتمان: تۆ باشترینی نێومان و بەرێزترینمانی، ئەویش فەرمووی: «قولوا بقولكم

أو ببعض قولكم ولا يستجرِينكم الشيطان»)[٣٢] واته: ئەو وتەیەتان بلێن یان هەندێ لەوە و وریا بن شەیتان لە خشتەتان نەبات.

جا دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ناخۆش بووە کە ڕوبەڕو وەصف وستایش بکرێت نەوەك ئەوە سەربکێشێت بۆ زێدەڕۆیی.

وە پێغەمبەری خوا ئینکاری کرد لەو کەسەی کە پێی وت: "ما شاء الله وشئت " پێی فەرمووی: «أجعلتني والله عدلاً، بل ما شاء الله وحده» كما أنكر على معاذ رضي الله عنه حينما همّ أن يسجد له[٣٣]. واته: منت کردە هاوتای خوا، بەڵکو بڵێ ما شاء الله وحده.

وە هەروەها ئینکاری کرد لە موعازی کوڕی جەبەل ﷺ کاتێك ویستی سوجدەی بۆ ببات.

جا هەموو ئەم بەڵگانە وجگە لەمانەش بەڵگەن لەسەر حەرامێتی زیدەڕۆیی کردن لە پێغەمبەردا ﷺ .

هەندێ زێدەڕۆیی هەیە کە کوفرێکی ڕوون و ڕاشکاوە وەکو خاوەنی کتێبی (النفحات الأقدسية) لە لاپەڕە ٩ دا دەڵێت: " کاروباری محمد لە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا بریتیە لە ڕەفتار وتەصەروفاتی خوای گەورە ".

بەڵام ئەو بیدعەیەی کە بەناوی خۆشەویستی پێغەمبەرەوە ﷺ دەرکەوتووە لە گەورەترین کاریگەری وشوێنەوارەکانی زێدەڕۆیی کردنە لە پێغەمبەردا ﷺ دەرکەوتنی بیدعە لە بیروباوەڕدا و لە عیباداتدا جا بیدعەچیەکان ئەو بەناو خۆشەویستیەیان کردۆتە بیانوو بۆ بیدعەکەیان و هەتا ڕۆژگار زیاد بکات بیدعەکەشیان زیاد دەکات، ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکن:

---

(٣٢) صحيح الجامع الصغير (٣/٢٢٦).

(٣٣) أحمد في مسنده.

١- صۆفیەکان وا بانگەشە دەکەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەبینن، و باوەڕیان وایە کە پێغەمبەرﷺ لەدوای مردنی دەژێت بە ژیانێکی تەواو لەهەموو روویەکەوە وەکو کەسێکی زیندوو لە دونیادا، هەر بۆیە دەڵێن ئێمە بەئاشکرا دەیبینین و کۆدەبینەوە لەدەوری و ڕێنمایی و ئامۆژگاریمان دەکات بۆ پابەند بوون بە تەریقەتەکەمانەوە و تەنانەت ئەو ئامادە دەبێت لە کۆڕ و کۆبونەوەکانیاندا.

ئا لەسەر ئەم جۆرە بیدعانە بنەمای صۆفیەت دامەزراوە وچەندین ڕێچکەی هەیە وەکو (المحمدية و الطريقة التيجانية والطريقة الأحمدية) وجگە لەوانەش.

جا ئەم جۆرە ڕێچکانە دژ و پێچەوانەی دەقی شەرعیەلە قورئان وسوننەت وإجماعی ئوممەت لەسەر مردنی پێغەمبەری خوا ﷺ .

٢- تەوەسولی نامەشروع بە پێغەمبەری خوا ﷺ و خاتری: داوای یارمەتی لێ دەکەن و داوادەکەن بەهانایانەوە بچێت و پێویستیەکانیان بۆ فەراهەم بکات، جا ئەگەر تەوەسول بە پێغەمبەر ﷺ سەلمێنرا ئەوا هیچ ڕێگریەك نییە کە تەوەسول بۆ پیاوچاکانیشەوە بکرێت لەدوای ئەو .

## لەڕاستیدا تەوەسول بە پێغەمبەر ﷺ سێ بەشە:

أ- تەوەسول بە ئیمان بە پێغەمبەری خوا ﷺ و گوێڕایەڵی کردنی، ئەمەش فەرزە لەسەر تاك تاکی ئوممەت. وە ئیمانیش کردەوەی چاکە.

ب- تەوەسول بە دوعا وشەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ لە ژیانیدا، وەکو چۆن هاوەڵان دەیانکرد لەگەڵیدا و داوای دوعاو لێخۆشبوونیان لێ دەکرد و داوایان لێ دەکرد داوا لەخوا بکات باران ببارێت، جا ئەم جۆرەش دروست نییە ئیلا لەژیانی خۆیدا نەبێت لەبەر نەبوونی بەڵگە لەسەری یان کردەوەی هاوەڵێك یان پێشەوایەك.

ج- تەوەسول بە خودی خۆی وداوا کردن لەخوا لەبەر خاتری پێغەمبەر ﷺ، ئەمەش ناشەرعیە وبەڵگەی لەسەر نییە و هاوەڵان نەیانکردووە نەلە ژیانیدا و نەلە دوای مردنیشی.

وە ئەم جۆرەشیان ئەوەیە کە صۆفیەکان و لاساییکەرەوەکانیان دەیکەن.

٣- چەند بیدعەیەکی پەیوەست بە سەردانی کردنی گۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەوەی شەرعی ورێگەپێدراوە لەسەردانی کردنی گۆڕی پێغەمبەردا ﷺ ئەوەیە کە بچیتە نێو مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ و نوێژی تێدا بکەیت و پاشان سەلام بکەیت لە پێغەمبەر ﷺ وئەبوبەکر وعومەر، وەکو چۆن عبدالله ی کوڕی عومەر دەیکرد کە بهاتایەوە لەسەفەر.

**بەڵام خەڵکی لەم بابەتی سەردانەدا چەندین بیدعەیان داهێناوە وەکو:**

أ- باوەڕبوون بەوەی کە سەردانی کردنی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ واجبە بەڵکو تەواوکەری مەناسکی حەجە، و ئەم باوەڕەش بەهۆی نەفامی ونەزانیە بە ئەحکامەکانی شەرع و دین وپشت بەستن وجەخت کردنەوە لەسەر فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو.

ب- چوونە ژوورەوە بۆ مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ وەکو کەسێك کە داوای ئیزن و مۆڵەت دەکات لە پێغەمبەر ﷺ بۆ چوونە ژوورەوە بۆ لای.

ج- پابەند بوون بە چۆنێتیەکی دیاری کراو و تایبەتەوە لە سەردانی کردنی گۆڕی پێغەمبەردا ﷺ و وەستان وسەلام ودوعا، و تەنانەت وەکو کەسێکی نوێژخوێن دەوەستێت و ڕوودەکاتە گۆڕەکە نەوەك قیبلە و دەنگیش بەرزدەکاتەوە.

د- دەست هێنان بەبەرد و ماچ کردنی پەنجەرەو دەست لێدانی و تەواف کردن بەچواردەوریدا.

هـ- سەردانیکار وا بیردەکاتەوە و باوەڕی وایە کە پێغەمبەر ﷺ ئاگای لەوەیە کەچی دەگوزەرێت لە ناخیدا و بەنیەتی دەزانێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەو شتە تایبەتە بە خوای گەورەو غەیبە.

و- کردنی گۆڕەکەی بە جەژن: واتە زۆر هاتنەوە و گەڕانەوە بۆ لای و دروست کردنی قەرەباڵغی و تایبەت کردنی کاتێکی دیاری کراو بۆ سەردان.

ز- باوەڕهێنان بەوەی کە سەیرکردن وتەماشاکردنی ئەو ژورەی کە گۆڕەکەی تێدایە عیبادەتە.

ح- هانابردن بۆ پێغەمبەر ﷺ و سکالابردن بۆ لای .

٤- یەکێکی تر لە بیدعە دیارەکان بریتیە لە بیدعەی مەولود لە مانگی ربیع الاول و کردنی بە عیبادەت و نزیك بوونەوە لە خوا: وە هەشیانە بە جەژن ناوی دەبات، ئەمە لەکاتێکدا موسڵمانان تەنها دوو جەژنیان هەیە کە ئەوانیش قوربان و رەمەزانە.

لەکاتێکدا پیاوچاکانی پێشوو ئەم کارەیان نەکردووە لەگەڵ ئەوەی ئەوان خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەر ﷺ زۆرتر وزیاتر بوو، وە لەهەمو خەڵك زیاتر شارەزای مافەکانی پێغەمبەر ﷺ بوون، هەروەها بیدعەی مەولود چەندین کاری ناشەرعی لەخۆ دەگرێت تێیدا وەکو هۆنینەوەی هۆنراوەو سرووودی شیرکی وزێدەڕۆیی تێیدا و تێکدانی وێنەی دین ولێکچواندنی بە کاروکردەوەی خورافیەکان و دەجالەکان.

ئەمە وچەندین بیدعەی تر ئەنجام دەدرێن بەهۆی زێدەڕۆییەوە لە پێغەمبەری خوادا ﷺ .

## ٨- ئێمە لەکوێی خۆشویستن وشوێنکەوتنی پێغەمبەری خواداین ﷺ .

**لە کۆتاییدا**: ئەوەمان زانی و بۆمان دەرکەوت کە خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ واجبە وچەندین بەرهەم ودەرئەنجامی باشی هەیە و چەمکی خۆشەویستیشمان بۆ ئاشکرابوو وە چۆن هاوەڵان پێغەمبەریان ﷺ خۆشویستوە و باسی نیشانەکانی خۆشویستنی پێغەمبەرمان کرد لەگەڵ هۆکارەکانی زیاد کردنی ئەو خۆشەویستیە و جیاوازی نێوان شوێنکەوتن وبیدعەمان بۆ یەکلابوویەوە و ئاماژەمان بەوەدا کە گرنگترین هۆکاری بیدعە بریتیە لە زێدەڕۆیی کردن لە خۆشویستنی پێغەمبەردا ﷺ لەگەڵ شوێنەوارو حوکمیدا.

* جا ئێمە لەکوێی ئیمان و عیبادەت و رەوشتی ئەو پێغەمبەرەداین ﷺ ؟
* ئایا خۆشەویستی پێغەمبەرمان ﷺ فێری خانەوادەمان کردووە؟
* وە یان ئایا سوننەت و رێنمایی و ئاکارەکانیمان فێریان کردووە؟
* ئایا فەرمانەکانیمان جێ بەجێ کردووە و دوورکەوتوینەتەوە لە نەهیەکانی؟
* ئایا لەکاتی کێشەو دووبەرەکیدا بۆ لای ئەو گەڕاوینەتەوە وتەسلیمی بووینە؟
* ئایا سوننەتەکەیمان سەرخستووە وپەیڕەومان کردووە وفێری خەڵکیمان کردووە؟

لەکۆتاییدا داواکارم لە خوای پەروەدگار کە خۆشەویستی خۆی و پێغەمبەرەکەیمان ﷺ پێ ببەخشێت.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.